# تێبینی و ڕەخنەکانی ڕاپۆرتی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی

**2020 Updated**

**پێشەکی:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە جێبەجێکردنی حکومڕانی باش، بۆیە تێبینیەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە هەر دەسکەوتێك یان پێشێلکارییەکی هەرێمی پێشوازی لێ دەکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە.

ڕاپۆرتی ناوبراو ئاماژە بە هەندێك تێبینی و ڕەخنە دەکات کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی زیاتر و دەرخستنی ڕاستییەکان هەیە و ڕەنگدانەوەی واقعی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان نییە و جگە لەوەی پێویستی بە وردبوونەوەی زیاتر هەبوو لە دەرخستنی ڕاستییەکان، لە هەمان کاتدا ڕەچاوی بارودۆخی ئێستای کوردستانی نەکردووە لە ڕووی ئابووری و ئەو قەیرانەی کە ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێم بۆتەوە لە ئەنجام نەناردنی موچە و بودجە لەلایەن حکومەتی ئیتیحادییەوە، هەروەها شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش و هەڕەشە بەردەوامەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە لایەکی دیکەوە ئاماژەی بە پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بنەماکانی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ نەکردووە.

تێبینی و ڕەخنەکانی ڕاپۆرتی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی چەند بوارێکی لەخۆ گرتبوو وەك: یەکخستنەوەی ڕیزەکانی پێشمەرگە، پەیوەندییە هەرێمایەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێکهاتە سیاسیەکانی، پشتگیری سەربازی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، سازانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوچە ئازادکراوەکان، ڕەوشی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەند، هەروەها ڕۆڵی حکومەتی هەرێم لە شەڕی ناوخۆی سوریا.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین گرفت بۆتەوە وەك: مەترسی هەڕەشەی گەورەی گروپی تیرۆریستانی داعش و قەیرانی ئابووری و نەناردنی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە ڕێگری لە پرۆسەی دیموکراسی و پێکەوەژیان بە ئاشتی دەگرێت لە نێوان پێکهاتە نەتەوەییەکانی کوردستان. ئەم بنەما سەرەکییانە بە ئەولەویەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێن بۆ بەرقەرارکردنی حکومڕانییەکی دادپەروەرانە لە هەرێمی کوردستان.

**<u>کوردستان لە یەك بەرەدایە دژی داعش</u>**

پاڵپشت بە ماددەی (121) ی دەستووری عێراقی فیدراڵ، هێزەکانی پێشمەرگە هێزی پاراستنی هەرێمی کوردستانن. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاری بەرچاوی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە لە هەوڵەکانیان بۆ بە موئەسەساتی کردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە. لە ساڵی (2010) سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ(نوری مالکی) بە شێوەیەکی فەرمی چوار یەکەی سەربازی

پێشمەرگەی ناساند وەك بەشێك لە سیستەمی بەرگری عێراق و درووست کردنی میکانیزمێکی بەرگری هاوبەش لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە سەربازییەکانی عێراق لە ناوچە کێشە لەسەرەکان.

هەموو یەکە سەربازییەکان و هێزەکانی بەرگری لە کوردستان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن کە ئەم وەزارەتەش بەپێی یاسا دامەزراوە لە یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992 لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی دیموکراسی و بەچاودێری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ناحکومییەکان. جیاوازی لەسەر بنەمای ئاینی یان نەژاد لە نێوان تاکەکانی ناو هێزەکانی پێشمەرگە بوونی نییە و بە هیچ شێوەیەك ڕێگای پێنادرێ. ئەرکەکانی پێشمەرگە بریتین لە بەرگریکردن و پاراستنی هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ هێزەکانی عێراق دژ بە هەر چالاکییەکی تیرۆریستان.

**<u>بە یاسایی بوونی هێزەکانی پێشمەرگە</u>**

ئەگەرچی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی(1992) چەندین یاسای دەرکردووە سەبارەت بە هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی گومان دەخاتە سەر شەرعییەتی هێزەکانی پێشمەرگە بە میلیشیا ناوی دەبات نەك هێزێکی فەرمی، بەڵام بوونی یاساکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان ئەم گومانەیان ڕەتدەکاتەوە، چونکە بوونی هێزی پێشمەرگە بەشێویەکی یاساییە بەپێی بڕگەی (5) لە ماددەی (121) ی دەستوری عێراقی فیدڕاڵی ساڵی 2005 کە ئەرکەکەی بریتییە لە پاراستن وبەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان.

***دەقی بڕگەی (5) لە مادده (121)ی دەستوری عێراقی فیدراڵ***

***،،حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی درووستکردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم،،***

ئەم دەقە یاساییە دەسەڵات بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات بۆ درووست کردنی هێزەکانی ئاسایشی تایبەتی هەرێمی کوردستان، لێرەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی یاسا و دەستوری فیدراڵ هەڵسوکەوتی کردووە.

یاسای وەزارەتی پێشمەرگە ژمارە (19) ی ساڵی(2007) کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە، بە شێوەیەکی یاسایی و فەرمی ئەرك و پێکهاتەکان و یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە ڕێکدەخات.

پاڵپشت بە ماددەی (1) لە مەرسومی هەرێمی ساڵی (2007) ، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە درووست کردن و بەڕێوەبردن وچاودێری کردنی گشت دامودەزگاکانی هێزی پێشمەرگە، هەروەها بەپێی ئەم مەرسومە، فەرماندەی لەشکری کووردستان لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت و جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك جێگری فەرماندەی لەشکری کوردستانە، هەروەها بە ئەندامیەتی(8) فەرماندەی گشتی تر.

**<u>پێکهاتەی فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە</u>**

ڕەخنەکانی ڕاپۆرتی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی کە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراون سەبارەت بە پرسی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، هەنگاوەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کەم دەکاتەوە بەرامبەر بەم پرسە. لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی دووبارە بنیاتنانەوە و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی لە ئەولەویاتی ئەم کابینەیە بووە بۆ یکخستنی ریزەکانی لەشکری کوردستان لە ژێر چاودێری وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

بەرێز سەرۆکی هەریمی کوردستان لە ئابی ساڵی (2014) داوای ئەنجامدانی چاکسازی و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کرد بۆ ئەم مەبەستەش ماوەی (6) مانگی داوەتە وەزیری پێشمەرگە بۆ ئەوەی کارەکانی یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەنجام بدات بۆ ئەوەی بکرێتە یەك سوپا لە ژێر یەك فەرمانی یەکگرتوو. لەم بارەیەوە، پرۆژەیەکی جددی دەستی پێکرد لە لایەن وەزیری پێشمەرگەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی لە نێو ریزەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و هەوڵدان بۆ یەکخستنی لە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگە، هەروەها پێکهاتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان پشتگیری تەواوی ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن.

ئێستا پێشمەرگە (14) لیوای یەکگرتوو هەیە شان بەشانی یەکتری دوور لە دەستێوەردانی سیاسی شەڕ لە دژی تیرۆریستان دەکەن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی جددی داوە و بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێوەیەکی کۆتایی. بۆیە.

دوای بڕینی بەشە بودجە لە لایەن حکومەتی ئیتیحادییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەند گیروگرفتێك بۆوە، بۆیە نەتواندرا بە شێوەیەکی گشتی هەوڵەکانی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە ئامانجەکانی بێتە دی. سەرەڕای ئەمەش ساڵانە خەرجی هێزەکانی پێشمەرگە بە ($2,900,000,000) دوو ملیار و نۆسەد ملیۆن دۆلاری ئەمریکی مەزەندە دەکرێ. بەڵام لە ساڵی 2014 تەنها بڕی ($1,200,000) یەك ملیۆن و دووسەد هەزار دۆلاری ئەمریکی لە لایەن حکومەتی فیدڕاڵییەوە نێردراوە بۆ هەرێم کە تەنها بەشی دابینکردنی مووچەی ئەم (14) لیوایەشی نەکردووە. ئەمەش ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی قوورستر کردووە.

بۆیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە پشتگیریەکی دارایی بەهێز هەیە بۆ مەبەستی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە. هەرچەندە لە ریزەکانی هێزەکانی پێشمەرگە هەست بە بوونی یەکریزی و تەبایی و فرەیی دەکرێت، چونکە لە هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە بەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیسەلمێنێ کەوا دەسەڵات وئەرك ومافی هەموو پێکهاتەکانی لە ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشکراوە و پارێزراوە بەپێی یاسا.

بەشێوەیەکی گشتی بنچینە و بنەمای پێویست دارێژراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و گشت پێکهاتە سیاسییەکانی بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگی کوردستان وهەوڵەکانیش بەردەوامن لەم بوارەدا.

**<u>بەهێزکردنی پەیوەندییە هەرێمایەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان</u>**

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەهێزتر و پتەوتر بکات بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ. چونکە پەیوەندییە دەرەکییەکان فاکتەرێکی سەرەکی وگرنگن لە درووستکردن وپەرەپێدانی لایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سەقامگیری سیاسی و زیادبوونی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی ئابووری بەرچاو لە هەرێمی کوردستان وایکرد کە حکومەت بەشێوەیەکی فراوان پەرە بە پەیوەندییە دەرەکییەکانی بدات لەسەر هەموو ئاستەکان، میکانیزمی درووستکردنی ئەم پەیوەندییانە لە ڕێگەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت، کە لە ساڵی 2006وە دامەزراوە و ئەرکی سەرەکی ئەوەیە کە لەسەر ئاستی جیهان پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرز بکاتەوە لە ڕێگەی ڕێکخستن وبەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو ڕێکخراو و وڵات و دامودەزگایانەی کە لە ئێستادا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لەم ڕووەوەش سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بووە، بۆیە دەبینین ئێستا زیاتر لە (30) وڵات کونسوڵگەری و نوێنەرایەتییان هەیە لەوانەش (4) وڵاتی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان و ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی عەرەبی و وڵاتە دراوسێکان، ئەم کونسوڵگەری و نوێنەرایەتیانە کارو چالاکییەکانیان زۆر بە باشی بەڕێوە دەبەن.

پەیوەندییە دەرەکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیمای موئەسەساتی پێوە دیارە و پەیوەست نییە بە یەك لایەنەوە، بەڵکو هەموو لایەن و پێکهاتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە خۆ دەگرێ. ئەمەش پێچەوانەی ڕەخنەکانی ڕاپۆرتی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتییە گوایە چەند حزبێك لە هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانی خۆیانی پێ بەهێز دەکەن. ئەم ڕەخنانە دەبنە هۆی خراپی خوێندنەوەی ڕاپۆرتی ناوبراو بۆ پرسی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کە دەڵێن یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەنها پەیوەندییەکانی حیزبەکەی خۆی پێ بەهێز دەکات لەگەڵ ووڵاتی ئیران.

ئێران وڵاتێکی دراوسێی هەرێمی کوردستانە و کاریگەری و قورسایی خۆی هەیە لە ناوچەکە، پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئێران مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە لە ڕووی بازرگانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وچەندین بواری تر.

لە ڕووی بازرگانییەوە بەتایبەتی لە ساڵی 2013 داهاتە بازرگانییەکان زیاتر لە (4) ملیار دۆلاری ئەمریکی تێپەڕاندووە و هەوڵەکان بەردەوامن بۆ زیادکردنی لە داهاتوویەکی نزیکدا، هەروەها هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی چەند ناوچەیەکی بازرگانی ئازاد لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئیران لەسەر خاڵە سنوورییەکان دامەزراوە

بەتایبەتی دوای ئەوەی کە وەزیری دەرەوەی پێشووی ئیران (عەلی ئەکبەر صالحی) داوای ئیمزا کردنی ڕێکەوتنامەب بازرگانی کرد لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی.

لە ڕووی سیاسییەوە، پەیوەندی دوولایەنە هەیە لە نێوان کۆماری ئیسلامی ئیران و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو ڕادەیەی کە باڵوێزی ئێران لە عێراق ئەم پەیوەندییەی بە بەرز نرخاند و بە پەیوەندی قووڵ و درێژخایەن وەسفی کردوو، هەروەها لە شەڕی نەگریسی داعش و هێرشی ناڕەوایان بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئێران یەکەم وڵات بوو کە هاوکاری سەربازی دابین دەکرد بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، جگە لەمانە هەماهەنگی هەیە لە نێوانیان لە بوارەکانی تر وەك تەکنەلۆجی و زانستی و پزیشکی بەپێی یاداشتی لەیەکتێگەیشتنی کە لە ساڵی 2012 لە نێوان حکومەتی هەرێم و کۆماری ئیسلامی ئێران ئیمزا کراوە.

لە لایەکی دیکەوە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی یاداشتی هەماهەنگیان لەگەڵ پارێزگاکانی کوردستانی ئێران هەیە، هەروەها ژوورە بازرگانییەکان بەردەوامن لە هەماهەنگی نێوانیان و ساڵانە چەندین پیشانگای هاوبەش لە بوارە جیاجیاکان ساز دەکرێت لە هەرێم کوردستان بۆ کاڵا و کەلوپەلە ئێرانییەکان.

**<u>پشتگیری کردنی کوردستان وەك سەکۆیەك بۆ سەقامگیری وئارامی</u>**

<u>هاوکاری سەربازی و ڕۆڵی پێشمەرگە</u>

ئێستا بۆ جیهان بە گشتی روون بووەتەوە کە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان تاکە هێزە توانیویەتی لەسەر ئەرز رووبەرووی داعش ببێتەوە و لە بەرەکانی جەنگ لە بەرامبەری وەستاوە و پێشڕەوییەکانی راگرتووە لە هەمان کاتدا زۆربەی ئەو شوێنانەی داگیری کردبوون، پێشمەرگە توانیی رزگاریان بکاتەوە، بۆیە سەرکردەکانی جیهان دووپاتیان کردۆتەوە کە پێشمەرگە لە بری جیهان بەرگری لە مرۆڤایەتی دەکات.

سەرەڕای نەبوونی چەکی پێشکەوتوو و پێویست لە شەڕی داعش کە لە هاوینی ساڵی 2014 رووی لە کوردستان کرد، پێشمەرگە توانیی بەرگریی لە خاکی کوردستان بکات و لە شەڕی بەرگری لە خاکی کوردستان تاکو ئێستا زیاتر لە 1700 پێشمەرگە شەهید بوون و زیاتر لە 5000 دیکەش بریندار بوون.

ئەم بارودۆخە بارگرانییەکی زۆری لەسەر حکومەتی هەرێم درووستکردووە، بۆیە پێشمەرگە پێویستی بە هاوکاری نێودەوڵەتی جددی و زیاتری هەیە. چەندین جار وەزارەتی پێشمەرگە دووپاتی کردەوە کەوا هاوکاری سەربازی پێویست بەدەستیان ناگات بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی داعش. ئەوەی شایەنی باسە، لە دوای دەستبەسەرداگرتنی گروپی تیرۆریستی داعش بەسەر شاری موصل، زۆر لە جبەخانە وتەقەمەنی وچەك وپێداویستی سەربازییەکانی حکومەتی فیدراڵ کەوتنە دەستی داعش و دووبارە بەکاریهێنانەوەی بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە. هەروەك ئەوەی لەسەر زاری سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ لە کەناڵی عێراقیە ڕایگەیاند کە هێزەکانی عێراق (2300) ئۆتۆمبیلی جۆری هەمڤی لە دەستداوە لە موسل سەرەڕای برێکی زۆری تەقەمەنی و چەکی جۆراوجۆری پێشکەوتووی قوورس کە هەمووی دژی پێشمەرگە بەکارهێنراونەتەوە ، لە بەرامبەردا پێشمەرگە تەنها چەکی سووکی رووسی و هەندێك

چەکی تری کۆنی هەبوو، ئەمەش گرنگی بە پەلەی دابینکردنی چەکی قورس بۆ پێشمەرگە نیشان دەدات، هەروەها بوونی هەماهەنگی و ستراتیژیەتی سیاسی بەهێز و چڕ لەلایەن وڵاتانی کۆمەك بەخش و حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر پێویستە بۆ سەرکەوتن بەسەر داعش و نەهێشتنی مەترسییەکانی.

راپۆرتی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی تێبینی هەیە لەسەر ئەوەی پرۆسەی دابەش نەکردنی چەك بە شێوەیەکی رێکوپێك و یەکسان دەکات و گوایە ئەو چەکانەی دەگەن لەلایەن حزبەکانەوە دابەش دەکرێن بەسەر بەرەکانی جەنگدا کە ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەدای پێشمەرگە لەم شەڕەدا، هەروەها گوایە هێزی پێشمەرگە داوای هەندێك چەك دەکات کە زانیاری تەواوی نییە لەسەر بەکارهێنانی. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش هەوڵی بەرچاوی داوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بۆ ئەم مەبەستە ژووری عەمەلیاتی هاوبەش دامەزراوە، هەروەها سەنتەرێك دامەزراوە بۆ ڕاهێنان و هەماهەنگی سەربازی لەم سەنتەرەدا سەدان پسپۆری سەربازی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی لە وڵاتانی وەك (بەریتانیا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا، چیك، کرواتیا، کەنەدا، تورکیا و چەند وڵاتێکی دیکە) مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانی پێشمەرگە دەدەن لە دەرەوە و ناوەوەی وولات لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنان چەکی جۆراوجۆری پێشکەوتوو و دانانی پلانی سەربازی ستراتیجی توکمە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرستانی داعش. هێزەکانی پێشمەرگە لە بوارەکانی تەکنیك وتاکتیك ورێوشوێنە سەربازییەکان مەشقیان پێکرا لە سەنتەری ناوبراو،بۆ نموونە بەرنامەیەکی چوار هەفتەیی سازکرا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کە (424) پێشمەرگەی لە خۆگرت وبریتی بوو لە مەشقپێکردن لەسەر ئاستی یەکەی سەربازی و شەڕی کۆڵانەکان و دیاریکردنی شوێنە بۆمبڕێژکراوەکان و پووچەڵکردنەوەیان. ئەم خزمەتە سەربازیانەی کە سەنتەری ناوبراو پێشکەشی پێشمەرگەی دەکات بە یەکسانی بووە لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکەکانیش بە گوێرەی پێویستی بەرەکانی جەنگ دابەشکراون و حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە کەوا وەزارەتی پێشمەرگە راستەوخۆی سەرپەرشتی دابەشککردنی چەکەکان دەکات دوور لەدەستێوەردانی حزبی ، هەروەها، لەلایەن ئەفسەرانی وڵاتی ئیتالیاوە مەشق بە (22) ئەفسەری پسپۆڕی پێشمەرگە کراوە لەسەر بەکارهێنانی چەکی دژە تانك لە جۆری (فۆڵگۆر)، دوای مەشقەکانیش هێزی پێشمەرگەی کوردستان شارەزاییەکی زۆریان دەربارەی بەکارهێنانی چەکەکان کرد و لە بەرەکانی جەنگیشدا بەشێوەیەکی پراکتیك بەکاریانهێنا و کاریگەرییەکی زۆریشی هەبوو لەسەر گۆڕینی باڵانسی هێز لە بەرەکانی جەنگ ئەمەش وایکرد کە لە زۆرکاتدا بەهۆی شارەزایی پێشمەرگە لە بەکارهێنانی ئەم چەکانە پێویست بە هەماهەنگی فرۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان نەبێت بۆ بوردومانی مولگەکانی داعش.

## سازانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان و بوونی دیموکراسی بەڵگەیەکە بۆ سەقامگیری سیاسی لە جێبەجێکردنی یاسا لە رێگای سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا هەشت کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرکەوتوویی دامەرزاوە.

ئەم هەوڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپشت بەستن بە بنەماکانی دیموکراسی بووە بۆ بەشداریکردنی هەموو ئەو لایەن وحیزب و پێکهاتەی کوردستان لە حوکمڕانی و پاراستنی یەك ڕیزی نێوان هاووڵاتیان و مسۆگەرکردنی پەیوەندییەکی ئاشتیخوازیانە لە نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها رێز گرتن لە بیروڕای ئەم پێکهاتانە.

کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە حکومەتی بنکە فراوان ناسراوە، چونکە گشت حزب و لایەنە سەرەکی و کاریگەرەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان تێیدا بەشدارن لەسەر بنەمای سازانی نیشتیمانی ئەمەش نیشانەی یەکگرتوویی حکومەتە ئەگەرچی هەندێك جار بیروڕای جیاواز دەردەکەوێت لەسەر هەندێك بابەت ئەمەش نیشانەی تەندروستیی و یەکێکە لە بنەماکانی هەر سیستمێکی دیموکراتی، بۆیە دەبینین لە زۆربەی حکومەتەکانی دنیا جۆرێك لە بیروڕای سیاسی جیاواز و نارەزایی بەدی دەکرێت و ئەمە تەنها بە هەرێمی کوردستانەوە بەند نییە.

حکومەت و پەرلەمانەکانی دنیا بکەین کە هەندێکیان سەدان ساڵە دامەزراون و ئەمانە بەراورد بکەین بە سیستمی سیاسی لە کوردستان و سەرەڕای ئەمەش، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵەکانی بەگەڕخستووە بۆ گەیشتن بە سازان و تەوافق لە نێوان پێکهاتە و لایەنە سیاسیەکان بۆ پاراستنی سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان. دیارترین نموونە ئەمەیە کە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم بە سازان وتەوافق چارسەر دەکرێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و ئێستا لایەنەکانی کوردستان لە گفتوگۆدان بۆ چارەسەر کردنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە جۆرێك هەموو لایەنەکان لەسەری کۆك بن.

کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای پەسندکردنی لە 18ی حوزەیرانی 2014، لەسەر بنەمای سازان لە نێوان پێکهاتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دامەزرا و ئێستا لایەنە سەرەکییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بەشدارن لەو حکومەتە بنکە فراوانەدا و ئەگەرچی لایەنەکانی ئیستیحقاقی خۆیان وەرگرتووە لە حکومەت، بەڵام دیسان بەشداری کردنیان لەسەر ئەساسی سازان بووە ئەمەش بۆ پاراستنی یەکریزی و تەبایی لە نێوانیان و هەوردان بۆ پێشکەش کردنی زۆرترین خزمەتگوزاریی بە هاووڵاتیان وەك ئەوەی لە بەرنامەی هەڵبژاردنی لایەنەکاندا هاتووە.

لەلایەکی دیکەوە لە نیسانی 2015 لیژنەیەك پێکهێندراوە بۆ نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان کە لە (21) ئەندام پێکدێت بە بەشداری گشت لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە کوردستان. ئەندامەکانی ئەم لیژنەیەش بە سیستەمی لیگۆ دابەشکراون بەسەر (7) ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، (5) ئەندامی بزوتنەوەی گۆڕان، (3) ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، (2) ئەندامی یەکگرتووی ئیسلامی، و (4) ئەندامی تریش دابەشکراون بۆسەر لایەنە سیاسییەکانی تر. بەمەش ئاستێکی بەرز لە سازانی سیاسی و نیشاندەدات لە هەرێمی کوردستان و نیشانەی پەرۆشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هێنانەدیی سەقامگیری سیاسی و ڕەنگدانەوەی گشت پێکهاتەکانی هەرێمە بۆ ئەوەی شوێن و پێگەی خۆیان لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا هەبێت، بە حوکمی ئەوەی هاووڵاتی هەرێمی کوردستانن.

له دانوستاندنەکانی پارتی و یەکێتی لە 23ی حوزەیرانی 2013 هەردوو لا سووربوون لە سەر سازانی نیشتمانی لە ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستوری کوردستان. لەلایەکی دیکەوە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەك لە 30ی حوزەیرانی 2015 دووپاتی ئەم جۆرە سازانەی کرد و پشتگیری لە یەکڕیزی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانی کردبۆ پاراستنی یەکڕیزی گەلی کوردستان.

پرسی سەرۆکایەتی هەرێم لە 2013 و 2015 هەردەم پێویستی بە سازانی نیشتمانی هەیە و هەبووە لە نێوان پێکهاتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. لە ساڵی 2013، هەردوو حیزبی (پارتی و یەکێتی) گەیشتن بە سازان لەسەر درێژکردنەوەی ولایەتی سەرۆکایەتی بەڕێز جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بۆ ماوەی دوو ساڵی تر. هەرچەندە ئەمەش بەدەر نەبوو لە ناڕەزایی، بەڵام زۆربەی لایەنە سیاسییەکان کۆك بوون لەسەر ئەم هەنگاوە.

هەر سەبارەت بەم جەنابی سەرۆك بارزانی لە بەیاننامەیەك لە 29ی حوزەیرانی 2015 بە فەرمی داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ بەیکگەیشتن بە سازانی نیشتمانی و دووپاتی دەکاتەوە کە ئێستا گەلی کوردستان پێویستی زیاتری بە یەك ڕیزی هەیە بە تایبەتی کە بارودۆخی ئابووری نالەباری ئێستای هەرێم و شەڕی دژ بە تیرۆر بۆ پاراستنی یەك ڕیزی و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان.

ئەم جۆرە پشتگیرییە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە ئەوە نیشان دەدات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سوورە لەسەر پاراستنی یەك ڕیزی نیشتمانی لایەن و پێکهاتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان.

## ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئازاد کردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان

لە سەرەتای دروستبوونییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەردەم هەوڵیداوە بۆ پاراستنی یەکریزی خاکی عێراق و بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی عێراق بۆ شادبوونیان بە مافەکانیان لە پێناو هێنانەدیی سەقامگیری لە وڵات، بۆ ئەم مەبەستەش لە گفتوگۆدا بووە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بۆ نەهێشتنی ئەو ئاستەنگ و کێشانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسەوە مابوونەوە بە پشت بەستن بە دەستوور کە زۆربەی  زۆری گەلی عێراق دەنگیان بۆی دا، گرنگترین ئەو کێشانەش کە بێ چارەسەر مابوونەوە ماددەی (140) ی دەستوورر و میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستووریەیە.

سەبارەت بەو ناوچانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ماددەی (140) و بە ناوچە کێشە لەسەرەکان دەناسرێن، راپۆرتی ناوبراو حکومەتی هەرێم بەوە تاوانبار دەکات کە گوایە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچانەیە. ئەوەی جێی باسە کێشەی ئەو ناوچانەی کە حکومەتی بەعس هەوڵیداوە لەرووی دیموگرافییەوە گۆڕانکاری بنەرەتی بەسەردا بێنێت ئەویش بە راگواستنی خەڵکی رەسەنی ناوچەکە کە زۆربەیان کوردن و نیشتەجێکردنی خەڵکی عەرەبی خواروو و ناوەڕاستی عێراق لەم ناوچانە، کێشەیەکی کۆنە. پاش ساڵی

2003 حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی کارای هەبووە لە بونیادنانەوەی عێراقی نوێ بەتایبەتی لە نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، بۆیە لەم دەستوورەدا هەرێمی کوردستان بە هەرێمێکی فیدڕاڵی لە چوارچێوەی عێراقدا دانی پێنراوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر جار داوای لە حکومەتی بەغدا کردووە پەلە بکەن لە جێبەجێکردنی ماددەی (140) و لەم رووە زۆر نەرمی نواندووە و ئامادەیی حکومەتی هەرێمی نیشانداوە بۆ هەماهەنگی کردنی تەواو لەگەڵ حکومەتی بەغدا و هیچ کاتێك حکومەتی هەرێم بیری لەوە نەکردۆتەوە کە لە ریگای هێزەوە ئەم ماددەیە جێبەجی بکرێت و پشتگیری لە گشت رێگاچارە دیموکراسییەکان دەکات بۆ جێبەجێکردنی بە پشت بەستن بە دەستووری عێراق.

حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین جار بەر لە هێرشی داعش بۆ سەر ناوچەکە لە رێگای نوێنەرەکانییەوە لە پەرلەمانی عێراق، داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردووە کە دان بە واقعی کەرکوك بنێن و بگەڕێنرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، چونکە لە رووی مێژووییەوە ئەم شارە کوردنشین بووە و لە هەلبژاردنی پارێزگاکانی عێراق بۆ ساڵی 2005 زۆرینەی کورسییەکانی پارێزگای کەرکوك کورد بە دەستی هێناوە.

پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە پاراستنی ئاسایشی ناوچە کێشە لەسەرەکان، بەتایبەت لە دوای هاتنی گرووپی تیرۆریستی داعش و شکستی سوپای عێراق لە موسڵ و ناوچەکانی دیکە و جێهێشتنی ناوچەکانیان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە زۆربەی ناوچە کێشە لەسەرەکانی پارێزگاکانی کەرکوك و موسڵ و دیالا و سەلاحەددین رووبەرووی تیرۆریستان بوونەوە و ناوچەکانیان لە مەترسییەکانی ئەم گرووپە دوورخستەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عێراق و هێزی هاوپەیمانان و چەندین لیژنەی هاوبەش بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوە بۆ نموونە:

1- دانانی لیژنەی هاوبەشی نێوان وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری عێراقی فیدڕاڵ و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی هەرێم و نوێنەری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا.

2- دامەزراندنی سەنتەری هاوبەشی هەرێمی لە دیالا، کەرکوك، نەینەوا.

3- پێکهێنانی هێزی هاوبەشی زێڕین لە نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێم.

4- دانانی مەفرەزەی هاوبەشی پرۆسە سەربازییەکان لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەی کوردستان لەو ناوچانە بەپێی ماددەی (140).

5- دانانی خاڵی پشکنینی هاوبەش لە دیالا و کەرکوك و نەینەوا.

لە میانەی رووبەرووبوونەوەی هێزە هاوبەشەکانی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دژ بە داعش، پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان گۆڕانکاری تەواوی بەسەردا هات و لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە زیاتر لە سوپای عێراق شارەزای جوگرافیای شاری کەرکوك بوون، بۆیە بەشی هەرە زۆری گرنگی پێدانی پێشمەرگە

بۆ شاری کەرکوك بوو و زیاتر پرۆسە سەربازییەکان لە کەرکوك و دەوروبەری ئەنجام دران، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ رزگارکردنی رووبەرێکی زۆری ئەم ناوچانە لە دەست داعش.

پێشمەرگە وەکو هێزێکی نیزامی رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە رزگار کردنی ناوچەکانی کەرکوك، مەخمور، خانەقین، دوزخورماتو.

نەبوونی پشتگیری یاسایی و دەستووری بەردەوامی دەبێتە هۆی درووستبوونی ئاستەنگ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەم ناوچە کێشە لەسەرانە، بەڵام حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی گەیشتنە رێکەوتنێك بۆ ناردنی نەوتی کەرکوك بۆ دەرەوە لە پرۆژەی بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2015 .

بە پێی رێکەوتنی نێوان بەغدا و هەولێر رۆژانە (550) هەزار بەرمیل نەوتی خاو لەوانە (300) هەزار بەرمیلی نەوتی کەرکوك بخاتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییەوە بۆ ئەوەی لە رێگای (سۆمۆ)وە بنێردرێتە دەرەوە، لە بەرامبەردا حکومەتی ناوەند (17%) بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بدات. سەرەڕای ئەوەی کە وەزارەتی نەوتی فیدراڵ دووپاتی کردەوە بە نووسراوێکی تایبەت لە مانگی ئەپریلی 2015 کە حکومەتی هەرێم پابەند بووە بە ناردنی ئەو برە نەوتەی لەسەری رێککەوتوون، بەڵام تا ئێستا حکومەتی ناوەند بە بەردەوام رێکەوتنەکە پێشێل دەکات و شایستە داراییەکانی هەرێم نانێرێت بە بودجەی پێشمەرگەشەوە.

هێزەکانی پێشمەرگە بەرپرسیاریەتی پاراستنی کەرکوکیان کەوتە ئەستۆ لە ساڵی 2003 و لە دوای هاتنی داعش پێشمەرگە بەردەوام بوو لە پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوك، وێڕای ئەمەش تاکو ئێستا حکومەتی ناوەند پشتگیری لە پێشمەرگە نەکردووە لەرووی داراییەوە.

## <u>رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پشتگیری کردنی پێکەوەژیان ئاشتیانە لە سوریا</u>

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوانبار دەکات بە دەستێوەردان لە کاروباری رۆژئاوای کوردستان و تێکدانی سەقامگیری نێوان هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان.

دوای ئەوەی رێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشێکی دڕندانەی دەستپێکرد بۆ سەر شاری کۆبانێ و بووە هۆی ئاوارە بوونی سەدان هەزار خەڵکی دانیشتووی ئەم شارە و دەوروبەری، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دوای وەرگرتنی رەزامەندی پەرلەمانی کوردستان، (150) پێشمەرگە و برێکی زۆر چەك و تەقەمەنی لە رێگای وڵاتی تورکیاوە نارد بۆ شارێ کۆبانێ بۆ پشتگیری کردن لە هێزە کوردییەکان لەو شارە و رووبەرووبوونەوەی هێرشە دڕندەکەی داعش.

ناردنی هێز و یارمەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبانێ رۆڵێکی سەرەکیی هەبوو لە گۆڕینی باڵانسی هێز و هێزە کوردییەکان لە بەرگرییەوە دەستیان بە هێرش کرد و دوای چەند مانگێك لە شەڕی بەردەوام توانرا شاری کۆبانێ بە تەواوی لە دەست داعش رزگار بکرێت.

خاڵێکی دیکەی بەدەستهێنانی ئەم سەرکەوتنە بریتی بوو لەوەی کە هێزە سیاسییەکان هاوڕا بوون بۆ پتەوکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان ئەمەش بە ئاشکرا لە هێنانە کایەی رێکەوتننامەی دهۆك خۆی دەبینیتەوە کە بە سەرپەرشتی و چاودێری راستەوخۆی سەرۆك بارزانی بوو بۆ بەهێزکردنی پەیوندی نێوان ئەم هێزانە لە رووی سەربازی و سیاسی بۆ رووبەرووبوونەوەی مەترسییەکانی داعش و پتەوکردنی زیاتری سەقامگیری سیاسی و ئاسایش لە رۆژئاوای کوردستان و بەشداری هەموو هێز و لایەنەکانی ئەم پارچەیە لە پرۆسەی سیاسیدا.

**پوختە**

لیژنەی باڵای بەدواداچوون و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجوومەنی وەزیران هەستاوە بە ئامادە کردنی ئەم راپۆرتە وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ راپۆرتی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی کە چەند رەخنەیەك ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت گوایە پرچەك کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبێتە رێخۆشکەرێك بۆ درووستبوونی ململانێ لە ناوچەکە بە گشتی و عێراق بەتایبەتی.

راپۆرتی گرووپی ناوبراو بەشێوەیەکی توند و دوور لە راستییەکان حکومەتی هەرێم تۆمەتبار دەکات کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی حزبییە نەك هێزێکی حکومی و فەرمی. هەروەها پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ دراوسێکان دەخاتە قاڵبی پەیوەندی حزبایەتی نەك پەیوەندی فەرمی حکومی بەتایبەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەمەش دوورە لە راستی، چونکە هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی دۆستانە و مێژوویی لەگەڵ ئەم وڵاتە هەیە لەسەر بنەمای

دراوسێتی و ڕێز گرتنی هاوبەش و پەیوەندییەکان لەسەر هەموو ئاستەکاندایە (ئابووری، سیاسی، بازرگانی، کۆمەڵایەتی).

هەروەها سەبارەت بە دابەشکردنی ئەو چەك و یارمەتییە سەربازیانەی کە لەلایەن هاوپەیمانانەوە دابین دەکرێت، گوایە لەلایەن حزبەکانەوە دابەش دەکرێت بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو چەکانە لە ڕێگای وەزارەتی پێشمەرگە بە یەکسانی بەسەر بەرەکانی جەنگدا دابەش دەکات بەپێی پێویستی بەرەکانی جەنگ.

یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە بەشداری کردنی گشت پێکهاتە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینیەکانی کوردستان بۆهێنانەدیی سەقامگیری سیاسی و دادپەروەری لە نێوان پێکهاتەکانی وڵات، کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە لەسەر بنەمای بنکە فراوانی دامەزراوە بە هەمان مەبەست و ئامانج دامەزراوە.